# هەرێمی کوردستان لە کوێی گەمەی پڕۆژە و ڕێڕەوە ستراتیژییەکانی عێراق و ناوچەکەدایە؟

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکەدا پێگەیەکی جیوسیاسیی گرنگی هەیە. سەقامگیریی عێراق بە پلەی یەکەم، بەستراوەتەوە بە هەرێمی کوردستان، بۆیە هەر هەنگاوێک بۆ بنیاتنانەوەی هەر پڕۆژەیەکی ستراتیژی بەبێ هەرێمی کوردستان، لەوانەیە لە داهاتوودا هەم بۆ هەرێمی کوردستان و هەمیش بۆ عێراق، باش نەبێت و سەقامگیریی عێراق بخاتە مەترسی. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەبینین کە عێراق، بەتایبەت ئەو لایەنانەی کە لەژێر هەژموونی هێزە هەرێمییەکاندان، نایانەوێ هەرێمی کوردستان پێگە و گرنگییەکەی وەکوو خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؛ تەنانەت ویست و ئارەزوویەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە هەوڵ دەدرێت بۆ لاوازکردنی پێگە دەستووریەکەی.

لەم چوارچێوەیەدا لە دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر، ناوچەکە و تەنانەت جیهان بەگشتی ڕوویان لە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و جەوهەری کردووە و، پێشبینی دەکرێت هاوسەنگیی هێز و ئاسایش و ئابووری و بازرگانی و ستراتیژی، گۆڕانکاریی گەورە بەخۆوە ببینێت. لەم نێوەندەدا پێویستە هەرێمی کوردستان بەجددی کار بکات بۆ ئەوەی پێگە و جیوستراتیژییەکەی خۆی بەباشی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی لە لایەک قەوارە دەستوورییەکەی بپارێزێت و لە لایەکی دیکەوە وەکوو یاریکەرێکی کاریگەر لە هاوکێشە نوێیەکاندا دەرکەوێت، بەبێ ئەوەی تەرەفگیری بۆ لایەنێکی دیاریکراو بنوێنێت. بۆیە ئێستا لە ناوچەکە و جیهاندا ستراتیژیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێڕەو و پڕۆژە ستراتیژییەکان دەستی پێ کردووە و، زۆر گرنگە بزانین پێگەی هەرێمی کوردستان لەم ڕێڕەو و پڕۆژە ستراتیژییانەدا لە کوێی هاوکێشەکاندایە.

لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر پێگەی هەرێمی کوردستان لەم پڕۆژە گەورە و ستراتیژییانە کە لە عێراق و ناوچەکەدا پلانیان بۆ داڕێژراوە ئەنجام بدرێن.

**گرنگیی ڕێڕەو و پڕۆژە گەورەکان بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا پێگەیەکی دەستووریی جیاوازی هەیە بەراورد بە ساڵانی پێش ٢٠٠٣. ئەم پێگە نوێیەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، بەتایبەت لە دوای ساڵی ٢٠١١ و دواتر پاش ٢٠١٤، ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی جددی بۆتەوە لە ئەنجامی گوشارە یەک لە دوا یەکەکانی هێزە شیعییە عێراقییەکانی نزیک تاران. بارودۆخەکە گەیشتە ئاستی ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم بە بەغدا و، کۆنترۆڵکردنی کەرتی وزەی هەرێم لەلایەن بەغداوە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی دروست کردووە بۆ سەر قەوارەی دەستووریی هەرێم لە عێراقی دوای ڕژێمی بەعس. ئەم مەترسییانە لە عێراقی دوای ڕژێمی بەعس،

بە جددیترین و ترسناکترین مەترسی دادەنرێت، چونکە بە جۆر و شێوازێکی دیکە هەوڵ دەدرێت هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییە کوردییەکان بەتەواوەتی لەلایەن نەیارانی هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵ بکرێن. جاران بە چەک و بەکارهێنانی توندوتیژییەوە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی زوڵم و زۆرداریی ڕژێمی بەعس و حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق دەبووەوە، بەڵام ئێستا جۆری مەترسییەکان ڕەهەندێکی نوێ و جیاوازیان وەرگرتووە. بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٤وە سەرەتا کارتی مووچە و بوودجە لە دژی بەکار هێنرا و ئەم هەنگاوە تا ئێستا درێژەی پێ دراوە و زیانێکی زۆری بە ژێرخانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دارایی گەیاندووە، تەنانەت هەوڵ دراوە ئەم بابەتە وەکوو بیانوویێک بەکار بهێنرێت بۆ لاوازکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی.

لە پاڵ ئەم گوشارانە، بەغدا و هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراق، کە تا ئێستا کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی عێراق، جۆرە گوشارێکی دیکە لە دژی هەرێمی کودستان بەکار دەهێنن، ئەویش بریتییە لە بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی عێراق و تەنانەت ناوچەکەیش. لەم چوارچێوەیەدا چەندان پڕۆژەی گەورە هەیە کە حکوومەتی عێراق بە پاڵپشتیی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراق، هەوڵ دەدات و پیلان دادەڕێژێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش بکات و جێگرەوە (بەدیل) بۆ پێگە ستراتیژییەکەی دەدۆزێتەوە؛ بۆ نموونە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، یەکێکە لە گرنگترین ئەو پڕۆژانەی کە کار دەکرێت هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵێکی چڕ هەیە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی پڕۆژەکە بەبێ ئەوەی بە خاکی هەرێمی کوردستاندا تێ پەڕێت یاخود لە بەشێکی کەمیدا تێ پەڕێت جێبەجێ بکرێت. تەنیا لەم پڕۆژەیە ئەم هەنگاوە نەنراوە بەڵکوو لە پڕۆژەکانی دیکەی وەکوو "پڕۆژەی شامی نوێ" و پڕۆژە ستراتیژییەکانی دیکەی عێراق هەمان هەڵوێست بەرامبەر هەرێم نوێنراوە.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بەگشتی ئاماژە بە گرنگیی ئەم جۆرە پڕۆژانە بدەین بۆ هەرێمی کوردستان لەژێر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لە هەر پڕۆژەیەکی ستراتیژی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا، پێگەی سیاسی و کارگێڕیی بەهێزتر دەکات. لە ڕێگەی بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و بەشداریی کارای هەرێم لەم جۆرە پڕۆژە زەبەلاحانە لەسەر ئاستی نیشتمانی، ڕۆڵی هەرێم لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری ئابووریی نیشتمانیی عێراق زیاتر دەکات و لانی کەم ئەو دوورخستنەوە سیاسییە کە ئێستا ڕووبەڕووی بۆتەوە، لەوانەیە کەمتر بێت. هەروەها ئەمە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ هەرێم، بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەشێکی گرنگ لە کەرتی گەشەپێدان و، ڕۆڵەکەی تەنیا لە مووچە و بوودجەدا سنووردار نابێت. لە لایەکی دیکەوە شەرعییەتی ناوخۆیی لەسەر ئاستی هەرێم بەهێزتر دەبێت و، یارمەتیدەر دەبێت بۆ پتەوکردنی متمانەی نێوان هاووڵاتیی هەرێم و حکوومەت و هەستی ئینتیما لای تاکی کورد بەرزتر دەکات، چونکە دروستبوونی کێشە و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لەسەر ئاستی هەرێم، کاریگەریی نەرێنیی کردۆتە سەر بابەتی ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیانی هەرێم.

هەروەها لە چوارچێوە ئابوورییەکەدا سوودێکی دیکەی هەیە، ئەویش بریتییە لە پتەوکردن و بەهێزترکردنی بنەمای هاوبەشی (شەراکە) لە بەڕێوەبردنی پڕۆژە و داهاتەکان؛ کە ئەمەیش بنەمایەکی گرنگی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ە و لە هەمان کاتیشدا بنەمایەکی سەرەکیی سیستەمی فیدڕاڵییە. لەوانەیە ئەم هەنگاوە

ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە بابەتە ئاڵۆزەکانی وزە و دەروازە سنوورییەکان و باجەکان.

بەڵام سەرەڕای ئەو سوودە سیاسی و کارگێڕییانە، ئەم هەنگاوە ئاوا ئاسان نییە؛ پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەچڕی کاری لەسەر بکات و پلان و ستراتیژی جۆراجۆری پێ بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکات.

**دووەم:** سوودێکی تری ئەم جۆرە پڕۆژانە بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕووە ئابوورییەکەوە بەدەردەکەوێت. چونکە ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێ لەم پڕۆژانە بەشدار بێت، ئەوکات دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دەرفەتی هەمەجۆری ئابووریی ناوچەیی بۆ هەرێم، چونکە تەنیا پشتبەستن بە داهاتی نەوتەوە، کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر بوودجەی هەرێم و وای لێ کردووە بەرگەی قەیرانە داراییەکان نەگرێت. بۆیە بەشداریکردنی هەرێم لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی وەکوو گواستنەوە، وزە، بەندەرەکان و ڕێڕەوە ستراتیژییەکان، دەرگەی هەمەجۆری ئابووری لە بەردەم هەرێم دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم جۆرە پڕۆژانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەرچاو وەبەرهێنەرانی بیانی ڕادەکێشێ. ئەمەیش پێگەی هەرێمیی هەولێر وەکوو سەنتەرێکی سەقامگیر و نەرمونیان و گونجاو بۆ وەبەرهێنان بەهێزتر دەکات. هەروەها تێپەڕینی ئەم جۆرە پڕۆژانە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، دەرفەتی کار و پەرەپێدانی ناوخۆیی دەڕەخسێنێت؛ بۆ نموونە دروستکردنی ڕێگەکانی ئاسنین و ڕێگەکانی نێوان شارەکان و ناوچەکانی پاڵپشتیی لۆجستی، دەرفەتی سەدان هەلی کار دەڕەخسێنێت و، بەم جۆرەیش ڕێژەی بێکاری کەم دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا داهاتی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان جگە لە نەوت دەستەبەر دەکات.

**سێیەم:** لە ڕووی جیوسیاسی و هەرێمییەوە سوودی زۆری دەبێت بۆ هەرێم؛ لە ڕێگەی چەسپاندنی پێگەی هەرێم لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق وەکوو ڕێڕەوێکی سروشتی بۆ ڕێگەکانی وزە و بازرگانی. هەروەها بەشداریکردنی هەرێم لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان یاخود پڕۆژەکانی دیکە، پێگەیەکی ستراتیژی دەبەخشێتە هەرێمی کوردستان لەناو تۆڕەکانی گواستنەوە لە نێوان کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا. هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ پەرەپێدانی نفووزی سیاسیی دەرەکیی هەرێم، چونکە چەند ڕێژەی بەشداریکردن و پێگەی هەرێم لەم جۆرە پڕۆژانە سەقامگیرتر و کاریگەرتر بێت، ئەوندە قورساییی سیاسیی لەسەر ئاستی ناوچەیی زیاتر دەبێت.

ئەمانەی سەرەوە گرنگترین ئەو خاڵانەن کە سوودیان بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت ئەگەر بەشداریی پڕۆژە گەورە و ستراتیژییەکان بکات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

**هەرێمی کوردستان و پڕۆژە گەورە و ستراتیژییەکانی عێراق و ناوچەکە**

هەر پڕۆژەیەکی ستراتیژی لەسەر ئاستی عێراق بێت یاخود لەسەر ئاستی ناوچەیی و لە عێراق تێ پەڕێت و بەغدا تیایدا بەشدار بێت، ئەوە پێویستە هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەک خۆی بکاتە بەشێکی گرنگی پڕۆژەکە، چونکە لە ئەگەری پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان لەم جۆرە پڕۆژانە، ئەوە زیانێکی زۆری بەردەکەوێت، بەتایبەت کە ئێستا ناوچەکە و جیهان بە قۆناغێکی هەستیار و تا ڕاددەیەک ڕاگوزەر تێ دەپەڕێت؛ چونکە نیشانەکانی دروستبوونی هاوکێشەیەکی ئەمنی، سەربازی، ئابووری، بازرگانی و سیاسیی نوێ سەری هەڵداوە و ئەنجامدانی هەندێک پڕۆژەی ستراتیژییش بەشێکی گرنگی ژێرخانی ئەو هاوکێشە

نوێیەیە کە پێشبینی دەکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا دروست بێت.

بەم شێوەیە هەوڵ دەدەین لە خوارەوە بە چەند خاڵێک خوێندنەوەیەکی گشتی و ستراتیژی بکەین بۆ چەند پڕۆژەیەکی ستراتیژی و گرنگی عێراق، بە ئاماژەدان بە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لەم پڕۆژانە:

**یەکەم: پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان**

عێراق بۆ ئەوەی خۆی لە پشتبەستن بە داهاتی نەوت ڕزگار بکات، پێویستی بە پڕۆژەی وەبەرهێنان هەیە لە کەرتە جیا جیاکاندا. یەکێک لەو کەرتانە "کەرتی گواستنەوە و گەیاندن"ە؛ واتە پڕۆژەکانی بەستنەوەی عێراقە بە جیهانی دەرەکییەوە، بە شێوەیەک ببێتە جێگرەوە و ڕێڕەوێکی ستراتیژیی هاوشێوەی نۆکەندی سوێس. بۆیە بیرۆکەی بەستنەوەی وڵاتانی کەنداو بە تورکیا و لەوێشەوە بە ئەوروپا لە ڕێگەی عێراقەوە، لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانەوە خراوەتە ڕوو. ئەم پڕۆژەیە تا ئێستا لە قۆناغی ئامادەکاری و دیزاینکردندایە و، بەکرداری دەست بە جێبەجێکردنی نەکراوە، بەڵام ئەوەی وەکوو ئامادەکاری بۆ کراوە، بریتییە لە تەواوبوونی دیزاینە سەرەتاییەکانی هێڵەکانی شەمەندەفەر لە پڕۆژەکە و دیاریکردنی ڕێڕەوەکانی پڕۆژەکە لەسەر خاکی عێراق.

بەگشتی دەکرێ ئامانجی سەرەکیی ئەم پڕۆژەیە بەم شێوەی خوارەوە بخریتە ڕوو:

١. دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی دیکە جگە لە داهاتی نەوت و، دروستکردنی مۆدێلێکی ئابووری کە پشت بە هەمەجۆریی سەرچاوەکانی داهات ببەستێت و، دەرفەتی هەڵی کار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بڕەخسێنێت.

٢. دروستکردنی ژێرخانێکی پێشکەوتووی گواستنەوە و گەیاندن، کە ڕۆژهەڵاتی دوور، باشووری ئاسیا و وڵاتانی کەنداو بە ئەوروپا دەبەستێتەوە و پردێکی گواستنەوەی بازرگانی و ئابووریی بەهێز دروست دەکات.

٣. پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، بیناسازی و گەشتیاری لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە، ئامانجێکی سەرەکیی دیکەی ئەم پڕۆژەیەیە.

٤. لەگەڵ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، ژێرخانی ڕێگەوبان و هێڵەکانی ئاسنین لە عێراق هاوتەریب لەگەڵ پەرەپێدانی ئابووری، نوێ دەکرێتەوە و دەگەیەنریتە ئاستێکی پێشکەوتوو لەسەر ئاستی جیهانی.

٥. زیادکردنی بەشی کەرتی تایبەت لە سێکتەری ئابووری، بە مەبەستی زیادکردنی ڕێژەی وەگەڕخستن.

٦. پڕۆژەکە تا ڕاددەیەکی باش وەکوو جێگرەوە و هاوتای "نۆکەندی سوێس"ە.

٧. لە چوارچێوەی پڕۆژەکە هێڵێ شەمەندەفەری خێرا بە درێژایی ١,١٧٦ کیلۆمەتر و، ڕێگەی ئۆتۆبانی نێودەوڵەتی بە درێژایی ١,١٩٠ کیلۆمەتر دروست دەکرێت. ئەمەیش هەنگاوێکی زۆر گرنگە کە ژێرخانی هاتوچۆ لە عێراق پێش دەخات.

٨. ئامانجێکی سەرەکیی دیکەی پڕۆژەکە بریتییە لە بەستنەوەی بەندەری گەورەی فاو لە کەنداوی بەسرە بە سنووری تورکیا لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەری خێرا، ئۆتۆبانی نێودەوڵەتی و هێڵەکانی گواستنەوەی وزە (نەوت و غاز).

٩. پێگە و گرنگی و ڕۆڵ و بەهای بەندەری گەورەی فاو بۆ عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دوای بەستنەوەی بە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانەوە بەدەردەکەوێت.

لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی سەرەوە کە ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانە، ئەگەر هەرێمی کوردستان نەهێنرێتە نێو پڕۆژەکەوە و بەشداریی پێ نەکرێت، ئەوە بە هیچ شێوەیەک سوودمەند نابێت لانی کەم لەو نۆ خاڵەی کە لە سەرەوە خستوومانەتە ڕوو. ئەمەیش زیانێکی گەورەیە بۆ ئابووری و سەقامگیری و ژێرخانی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان. لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە، هەرێمی کوردستان لە نەخشەی گواستنەوەی وزەیش بۆ بازاڕەکانی جیهان دوور دەخرێتەوە؛ کە ئەمەیش بە پلە یەک، یەکێکە لە ئامانجەکانی حکوومەتی ئیتیحادیی عێراقی کە تیایدا هێزە پرۆکسییەکانی ئێران، باڵادەستن. هەروەها پێگە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکەی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی دوورخستنەوەی لە پڕۆژەکە، زیانێکی بەرچاوی بەردەکەوێت. بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها حزبە سیاسییەکان، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاری جددی بکەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەم پڕۆژەیەدا شوێنی ببێتەوە. بەڵام ئەوەی کە لە ئەرزی واقعدا دەبینرێت، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هیچ لایەنێکی دیکەی کوردی کاری جددی بۆ ئەم پڕۆژەیە ناکات.

**دووەم: پڕۆژەی بەندەری گەورەی فاو**

پڕۆژەیەکی دیکەی ستراتیژی لەسەر ئاستی عێراق "بەندەری گەورەی فاو"ە. کۆی گشتیی ڕووبەری ئەم بەندەرە بریتییە لە (٥٤) کیلۆمەتر دووجا. بەندەری فاو بە شێوازێک دیزاین کراوە، دەتوانێ پێشوازی لە کەشتییە بازرگانییە زەبەلاحەکان بکات کە بڕیارە بە چوار قۆناغ توانای بەندەرەکە پەرەی پێ بدرێت. لە قۆناغی یەکەم، توانای بەندەرەکە ٣,٥ حاویە و ٢٢ ملیۆن تۆن کەرەستەی ساڵانەیە. توانای پڕۆژەکە لە قۆناغی دووەمی پڕۆژەکەدا دەگەیەنرێتە ٧ ملیۆن حاویە و ٣٣ ملیۆن تۆن کەرەستەی ساڵانە. لە قۆناغەکانی سێیەم و چوارەمیش پێشبینی دەکرێت توانای بەندەرەکە بگەیەنرێتە ٢٥ ملیۆن حاویە و ٥٥ ملیۆن تۆن کەرەستەی ساڵانە. کۆی گشتیی تێچووی پڕۆژەکە نزیکەی ٤,٦ ملیار دۆلاری ئەمریکییە.

لە ساڵی ٢٠١٠وە دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە کراوە بەڵام بەهۆی نالەباری و ناسەقامگیریی ڕەوشی ئەمنی و دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و قەیرانی داراییەوە نەتوانراوە وەك پێویست کار لەسەر پڕۆژەکە بکرێت. لە ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکوەزیرانی ئەوکات "مستەفا کازمی" بە مەبەستی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی کۆریای باشوور (دایۆ) واژۆ کرد. دواتر لە سەردەمی "محەمەد شیاع سوودانی"یش پڕۆژەکە فراوانتر کرا و پارەی تێچووی زیاتری بۆ تەرخان کرا. بەپێی لێدوانە فەرمییەکانی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق، قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە لە تەواوبوون نزیک بۆتەوە.

لێرە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: ئایا ئەم پڕۆژەیە لە بەسرە ئەنجام دەدرێت، چ پەیوەندییەکی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە؟ دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارەمان لە بڵاوکراوە فەرمییەکانی حکوومەتی ئیتیحادی بدۆزینەوە، چونکە بەپێی ماڵپەڕی فەرمیی "پڕۆژەی گەورەی فاو"، ئەم پڕۆژەیە تەنیا بە دروستکردن و تەواوکردنی لە بەسرە ناوەستێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم پڕۆژەیە بەستنەوەیەتی بە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانەوە؛ واتا ئامانجە سەرەکییەکەی، بەستنەوەی هێڵەکانی گواستنەوەی کەرەستەکانە لە

بەندەری فاوەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا و، بەپێچەوانەکەیشی. بۆیە دیسان ڕێڕەوی بەستنەوەی بەندەری گەورەی فاو بە تورکیا، دووبارە مشتومڕی ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئایا ئەم ڕێڕەوە بە خاکی هەرێمی کوردستاندا تێ دەپەڕێت یاخود نا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان هەمان کێشە و هۆکارەکانی سەرەوە بۆ ئەم پڕۆژەیەیش ڕاستە، چونکە ئەگەر بەندەری گەورەی فاو بە تورکیاوە نەبەسترێتەوە، لەوانەیە ئەو سوود و قازانجەی کە چاوەڕوان دەکرێت لێی بکرێت، بەدی نەیەت.

لە ئەنجامدا پلان و ستراتیژیی حکوومەتی ئیتیحادی لە چوارچێوەی پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستانە لەم پڕۆژەیەیشدا. کەواتە دوو پڕۆژەی زەبەلاحی عێراق کە لەسەر بوودجەی گشتیی عێراق دروست دەکرێن، هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش دەکرێت. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی جددییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە بەغدا لە ڕێگەی بێبەشکردنی شارەکانی هەرێمەوە، ڕاستەوخۆ خێروبێری عێراق بۆ شارەکانی دیکەی عێراق بەکار دەهێنێت. کە بابەتەکەیش دێتە سەر نەوتی هەرێمی کوردستان، دروشمەکانی وەکوو "بەرژەوەندیی باڵای عێراق و سەروەت و سامانی عێراق، دەبێت بۆ سەرجەم عێراقییەکان بێت"، دەخرێتە ڕوو.

**سێیەم: پڕۆژەی شامی نوێ**

ئەم پڕۆژەیە سەرەتا بە ناوی پڕۆژەی "شام" ناو نرابوو و هەر یەک لە سووریا و لوبنان و فەڵەستینشی لەخۆ دەگرت، بەڵام دواتر پڕۆژەکە بووە پڕۆژەیەکی سێقۆڵی لە نێوان عێراق، ئوردن و میسر. ئەم وڵاتانە بەهۆی گۆڕانکارییە ستراتیژییەکان لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لە بوارەکانی گواستنەوە و ڕێڕەوە ستراتیژییەکان، هەوڵیان دا بۆ ئەوەی بە سێقۆڵی ڕێڕەوێکی ستراتیژی بنیات بنێن. پڕۆژەکە تەنیا لە بۆڕیی گواستنەوەی نەوت پێک نایەت بەڵکوو ئاڵوگۆڕکردنی وزەی کارەباش لەخۆ دەگرێت. بەتایبەت ئەمریکا بە هەماهەنگیی ئیسرائیل بەنیازی بەستنەوەی ئیسرائیلن بە ئابووریی ناوچەکەوە، چونکە خاڵی سەرەکیی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە هێڵی گواستنەوەی نەوتی (بەسرە- عەقەبە).

سوودانی سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی کە لە پڕۆژەکە دەگیرێت، گوایە هیچ سوودێکی ئابووریی بۆ عێراق نییە و تەنانەت بەهای گواستنەوەی نەوتەکەی زۆر بەرزە، هەنگاوی جددیی نا بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەکە، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە کە بریتییە لە <u>ڕاکێشانی هێڵی بۆڕیی نەوتی (بەسرە-حەدیسە) بە درێژاییی (٦٨٥) کیلۆمەتر کە تێچووی ئەم پڕۆژەیە ٤,٥٦ ملیار دۆلاری ئەمریکییە</u>. هێڵی بۆڕیی نەوتی (بەسرە-حەدیسە) ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە بەهۆی ئەوەی ئەم هێڵە دواتر بە عەقەبە دەبەسترێتەوە؛ بەڵام <u>وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕوونکردنەوەیەکیدا</u> جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم هێڵە بە عەقەبە نابەسترێتەوە و زیاتر بە ئامانجی ئەوە دروست کراوە کە بە تورکیا ببسترێتەوە.

هەروەها لە ئەگەری جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، ئەوە هاوتەریب لەگەڵ ئەم پڕۆژەیە تێکەڵ دەکرێت و سوودی زیاتری دەبێت. هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی نەوت هاتووە کە لەوانەیە لە قۆناغەکانی داهاتوو ئەم هێڵە بە بەندەری تەرتوس یان بەندەری تەرابلوس لەسەر دەریای ناوەڕاست بەبەسترێتەوە.

لێرە خاڵێکی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان دیسان لەم پڕۆژە ستراتیژییە دوور

خراوەتەوە، چونکە لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی نەوتی عێراقدا بەئاشکرا و بەڕوونی ئاماژە بەوە کراوە کە هێڵە کۆنەکەی گواستنەوەی نەوتی کەرکووک-جەیهان لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە تا فیشخابوور نۆژەن کراوەتەوە و نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری تێ چووە. سەرەڕای زۆریی ئەم پارەیە بۆ بابەتی نۆژەنکردنەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق جەختی لەوە کردووە کە بەهۆی گرنگیی بابەتەکەوە بۆ عێراق، بەم کارە هەڵساون.

ئەم خاڵە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئەم بۆڕیی نەوتە کۆنە بە پارەیەکی زۆر نۆژەن بکرێتەوە، چونکە ئامانجی حکوومەتی ئیتیحادی و هێزە پرۆکسییەکانی نزیک ئێران، دوورخستنی هەرێمی کوردستانە لە نەخشەی وزە لە عێراق و ناوچەکە. بۆیە زۆر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هەرێمی کوردستان دووبارە لەم پڕۆژەیەیش دوور خراوەتەوە و بە هیچ شێوەیەک بەهەند وەرنەگیراوە.

## ڕۆڵی ئێران لەم پڕۆژانە چییە؟

ئێران بەهۆی پێگە ستراتیژییەکەیەوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم پڕۆژانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان دا. سەرەڕای ئەوەی بریکاری وەزیری گواستنەوەی ئێران، "شەهریار ئەفەندی زادە"، ئاماژەی بە گرنگیی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان کرد و وەکوو دەرفەتێک بۆ ناوچەکەی ناوزەد کرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئێران ئەم پرۆژەیە بە پڕۆژەیەکی ڕکابەر بۆ هێڵەکانی گواستنەوەی ئێران دەبینێت. هەروەها پێی وایە ئەگەر ئەم پڕۆژەیە گەشە بکات و زیاتر پەرەی پێ بدرێت، ئەوە زیان و ئاڵنگارییەکانی بۆ ئێران زیاتر دەبن. هەروەها سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی عێراق لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی؛ کە ئەمەیش مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئێران، چونکە با ئەمە لەبەرچاو بگرین، هیچ کاتێک ئێران، عێراقێکی بەهێزی ناوێ، بەڵکوو عێراقێکی شڵەژاو و لاواز و لەژێر کۆنترۆڵی هێزە پرۆکسییەکانی نزیک "تاران"ی دەوێت.

جگە لەمە ئەم پڕۆژەیە دەبێتە هۆی باڵادەستبوونی تورکیا لە عێراق و تەنانەت لە ناوچەکە و جیهاندا؛ کە ئەمەیش پێچەوانەی ئارەزووەکانی ئێرانە. بەرامبەر ئەمە ئێران زۆر جەخت لەسەر دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان (بەسرە-شەلەمچە) دەکاتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان بەغدا و تاران واژۆ کرا بۆ دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان (بەسرە-شەلەمچە) کە درێژییەکەی (٣٠) کیلۆمەترە. واتە تاران دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە پرۆژانەوە شکست بە پڕۆژە گەورەکانی عێراق بهێنێت.

لە لایەکی دیکە ئێران لە ڕووی ئەمنییەوە نیگەرانە لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، چونکە پێی وایە ئەگەر پڕۆژەکە تەواو بوو، ئەوە ململانێکان لەم ناوچەیەدا زیاد دەبن و ئەگەری دزەپێکردنی کەشتییەکانی سیخوڕیی سەر بە ئیسرائیل و ئەمریکا هەیە بۆ ناو بەندەری گەورەی فاو. جگە لەمە ئێران پێی وایە ئەم پڕۆژەیە زیان بە ژینگەش دەگەیەنێت چونکە زۆربوونی ژمارەی کەشتییەکان کاریگەریی نەرێنیی بۆ سەر ژینگەی ناوچەکە دەبێت.

دەربارەی پڕۆژەی شامی نوێش، ئێران لەم پڕۆژەیەیش نیگەرانە، چونکە پێی وایە ئەم پڕۆژەیە بۆ لاوازکردنی پێگەی ئێرانە لە ناوچەکە. ڕاستییەکەی، ئەم نیگەرانییەی ئێران لەجێیە، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە بەشدارپێکردنی ئیسرائیلە لە ئابووریی ناوچەکە؛ کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا

مەترسیدارە بۆ ئێران. هەروەها ئەمریکاش بە هەمان شێوە پشتگیری لە پڕۆژەکە دەکات و ئامانجی سەرەکی لێی، لاوازکردنی ئێرانە. کەواتە ئەم پڕۆژەیەش بە هەمان شێوە بووەتە هۆکاری دروستبوونی نیگەرانییەکانی ئێران.

پڕۆژەی گەورەی فاویش بەدەر نییە لە پڕۆژەکانی دیکەی ناوچەکە و عێراق، بۆ ئێران، چونکە بەهێزکردنی تاکە چونکە بەهێزکردنی تاکە سنووری ئاوی عێراق کە لە ڕێگەی ئەم سنوورەوە عێراق دەگاتە دەریاکان و جیهان، مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئێران. پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت کە بووژانەوەی ئەم جۆرە دەروازانە لە عێراق، پێگە و قورسایی ئێران لە ناوچەکە کەمتر دەکات و پێگەی جیوسیاسیی ئێران لە ناوچەکە لاواز دەبێت، چونکە سەرەتا لە ڕووی ئابوورییەوە زیانی پێ دەگات. بۆ نموونە "بەندەر عەباس" و بەندەرەکانی دیکەی ئێران پێگە و گرنگییان کەم دەبێتەوە و لەوانەیە عێراق لە جیاتی ئەوان ببێتە ڕێڕەوێکی سەرەکی بۆ چالاکییە بازرگانییەکان. هەروەها لە ڕووی جموجۆڵەکانی "ترانزێت"یش بۆ ئەو شتومەکانەی کە لە وڵاتانی کەنداو بۆ تورکیا و ئەوروپا دەنێردرێن، ئێتر ئێران سوودیان لێ نابینێت و لەدەستیان دەدات. جگە لەمەیش پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە ڕێگەی بەندەری گەورەی فاوەوە، پشتبەستنی عێراق و تورکیا بەسەر خاکی ئێران کەم دەکاتەوە.

لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە کە ئەو شتومەکانەی عێراق لە ڕێگەی ئێرانەوە هاوردەیان دەکات، ڕاستەوخۆ لە دەرەوە دەگاتە عێراق بەبێ ئەوەی بە ئێراندا تێ پەڕێت. ئەمەیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی نفووزی ئێران لە عێراق. لە پاڵ ئەم زیانانە لە ڕووی ئەمنی و هاوسەنگییە هەرێمییەکانەوە لە کەنداو، مەترسیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئێران دروست دەبێت، چونکە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ دووبارە دروستبوونی تۆڕەکانی هاوپەیمانیی هەرێمی؛ بە شێوەیەك ئێرانی لێ بەدوور دەگیرێت، بەتایبەت لە هاوکێشەکانی بازرگانی و وزە لە ناوچەکەدا.

جگە لەم پڕۆژانە هەندێك پڕۆژەی دیکەیش هەن کە مەترسیی ڕاستەوخۆیان بۆ سەر ئێران دروست کردووە. پڕۆژەی ڕێڕەوی زەنگەزوور (Zangezur Corridor) بریتییە لە ڕێڕەوێکی شەمەندەفەر و ئامانج لێی، بەستنەوەی ئازەربایجانە بە هەرێمی نەخجەڤان و لەوێشەوە لە ڕێگەی باشووری ئەرمینیا، بەتایبەتی لە ناوچەی سیونێك (Syunik)وە دەگەیەنرێتە تورکیا، بەبێ ئەوەی بەسەر خاکی ئێران تێ پەڕێت. بە واتایەکی دیکە ئامانجی ئەم ڕێڕەوە، بەستنەوەی "دەریای قەزوین"ە بە "دەریای سپیی ناوەڕاست" لە ڕێگەی ئەو ناوچانەوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد. بەڵام لە ڕێکەوتی 8ی ئابی ساڵی 2025، ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لە واشنتۆن واژۆ کرا لەژێر چاودێریی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ. بۆیە دوای ئەم ڕێککەوتنە ناوی پڕۆژەکە، بەتایبەت لە ڕۆژنامە ئەمریکییەکان بە ناوی "پڕۆژەی ڕێڕەوی ترەمپ" یاخود بە ئینگلیزییەکەی The Trump Route for International Peace & Prosperity – TRIPP ئاماژەی پێ کرا. ئەم هەڵمەتەی ترەمپ بە پلە یەك لە دژی ئێران و ڕووسیا بوو. ئەمەیش ململانێی زلهێزەکانمان بۆ دەردەخات دەربارەی هەوڵەکانی لاوازکردنی یەکتر لە ڕێگەی پڕۆژە و ڕێڕەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە ستراتیژییەکانەوە.

ئەمریکا جگە لەمە، پاڵپشتی لە پڕۆژەیەکی دیکە دەکات بە ناوی ڕێڕەوی (هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەوروپا) (India-Middle East-Europe Economic Corridor – IMEC). ئەم ڕێڕەوە لە لووتکەی کۆمەڵەی گرووپی 20 لە نیودەلهی لە ڕێکەوتی 9ی ئەیلوولی ساڵی 2023 بڕیاری لەبارەوە دراوە وەکوو ڕێڕەوێکی ئابووریی نوێ. هەرچەندە ئەم پڕۆژەیە بە پلە یەك بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی

پڕۆژەی پشتێن و ڕێگەی چینە، بەڵام لە هەمان کاتدا دژی پڕۆژەی باکوور_باشوورە کە ئێران و ڕووسیا تیایدا دوو هێزی سەرەکین. سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی ئێران بۆ ئەوەی لە یەکێك لەم پڕۆژە ستراتیژییانە بەشدار بێت، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ئەم ئامانجەی بپێکێت.

لە ئەنجامدا دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا ئێران نە دەتوانێ بەشدارێکی چالاکی ئەم جۆرە پڕۆژانە بێت بەهۆی سزا ئابوورییەکان کە بەسەریدا سەپێنراوە و، نە ئەمریکا و ئیسرائیل ڕێگەی پێ دەدەن ببێتە بەشێکی گرنگی ئەم جۆرە پڕۆژانە. لەبەر ئەم هۆکارەیشە دەبینین تاران گەر نەتوانێ ببێت بە یاریکەرێکی کاریگەر، ئەوە دەتوانێ ببێتە "تێکدەرێکی کاریگەر" بۆ هەندێك لەم پڕۆژانە، بەتایبەت ئەوانەی لە عێراق ئەنجام دەدرێن. بێ گومان ئەم جووڵەیەی ئێران پرۆشکی بەر هەرێمی کوردستانیش دەکەوێت.

**کۆبەند**

پڕۆژە و ڕێڕەوە ستراتیژییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نیودەوڵەتیدا ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگیان دەبێت لە دیزاینکردنی هاوکێشە نوێیەکانی جیهان و ناوچەکە، بۆیە دەبێت هەرێمی کورستان خۆی بەباشی ئامادە بکات بۆ ئەوەی ببێتە بەشێکی گرنگی ئەم پڕۆژە و ڕێڕەوانە. بەڵام تا ئیستا ویست و ئیرادەیەکی بەهێز هەیە لەسەر ئاستی عێراق لەلایەن هێزە پرۆکسییەکانی نزیك تاران، کە ڕێگە نەدرێتە هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێکی ستراتیژی و گرنگی ئەم جۆرە پڕۆژانە؛ جا چ لەسەر ئاستی عێراق بێت و چ لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بێت. بۆیە زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان نەبێتە قوربانیی گەمەی پڕۆژە و ڕێڕەوە ستراتیژییەکان، چونکە هەر هەڵەیەکی لەم جۆرە زیانی زۆری بۆ پێگە و قەوارە دەستوورییەکەی هەرێمی کوردستان دەبێت.

هەرێمی کوردستان سەرەتا پێویستە هۆکاری دوورخستنەوەی لەم جۆرە پڕۆژانە دیاری بکات، بۆ نموونە لەوانەیە هۆکارە سەرەکییەکان بریتی بن لە ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆیییەکان، بەتایبەت لە نێوان پارتی و یەکێتی. ئەمەیش هەڵوێستی هەرێمی زۆر لاواز کردووە؛ تەنانەت پێکنەهێنانی حکوومەت دوای هەڵبژاردنە گشتییەکان_ کە نزیکەی ساڵێک بەسەر هەڵبژاردنەکان تێ پەڕیوە_ زۆر بەنەرێنی کاریگەریی هەیە لەسەر پێگەی ناوخۆ و ناوچەیی و نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان. کێشەیەکی دیکە، لاوازیی هەماهەنگییە لە نێوان هەولێر و بەغدا دەربارەی پڕۆژە نیشتمانییەکان لەسەر ئاستی عێراق. هەروەها هەرێمی کورستان تێڕوانینێکی یەکگرتوو و کاریگەری نییە بەرامبەر ڕووداوە لۆجستییەکان و بەیەکبەستنەوەی ناوچەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی. هەروەها پێویستە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، زمانێکی دیپلۆماسیی نەرم و دوور لە دروشمی بریقەدار بەکار بهێنرێت، کە تیایدا جەخت لەسەر بەرژەوەندیی نیشتمانیی عێراقی بکرێت، چونکە ئاراستەکردنی پەیامەکان بۆ شەقامی عێراقییش گرنگە.

ئەمانە چەند خاڵێکی گرنگن بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێکی ئەم پڕۆژانە. بەرامبەر ئەمە، هەولێر دەبێ کار لەسەر هەندێك پڕۆژەی ناوخۆیش بکات بۆ ئەوەی ژێرخانێکی لەبار بۆ ئەم جۆرە پڕۆژە گەورە و زەبەلاحانە ئامادە بکات؛ بۆ نموونە دروستکردنی ناوچەکانی بازرگانیی ئازاد و سەنتەرەکانی لۆجستیك نزیک ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیا و ئێران. هەروەها زۆر گرنگە هەڵمەتێکی نیشتمانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکات بۆ دروستکردنی ڕێگەوبانەکان لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان کە لەم بارەیەوە هەنگاوی باش نراوە و، مەرجە زیاتر لەسەری بوەسترێت و پەرەی پێ

بدرێت و بکرێتە ئەرکێکی نیشتمانی.

لە پاڵ ئەمە، کارکردن بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی خاڵێکی گرنگی دیکەیە، بەتایبەت وەبەرهێنەرانی وڵاتانی کەنداو و تورکیا و تەنانەت ئێرانیش بۆ ئەوەی لانی کەم ببێتە جێگرەوەیەکی بچووکی پرۆژە گەورەکان؛ چونکە پێویستە لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە هەرێم بگەیەنرێتە ئاستی "واقعێکی لۆجستی"ی وازنەهێنراو لە ناوچەکەدا کە نەتوانرێ وازی لێ بهێنرێت. گرنگترین خاڵێش لەم نێوەندەدا بریتییە لەوەی، کە نابێت هەرێمی کوردستان خۆی بکاتە تەرەفی لایەنێکی دیاریکراو و، هاوسەنگییەکە بپارێزێت و بەردەوام ببێتە لایەنێك کە جێگەی متمانە بێت و لایەنەکان متمانەی پێ بکەن و ترسیان لێی نەبێت؛ چونکە هاوسەنگیی ناوچەیی، وا لە هەرێم دەکات ببێتە پردێك نەك تەرەفێکی ململانێکەر-کە ئەمەیش پێداویستیی پرۆژە گەورە و زەبەلاحەکانە.

واتە هەرێمی کوردستان دەبێت بەچڕی ستراتیژیی نیشتمانیی پرۆژە و ڕێڕەوە نیشتمانییەکان داڕێژێت؛ واتە پێویستە سەرقاڵی کێشە و گرفت و بابەتە گرنگ و ستراتیژییەکانیش بێت، لەبەر ئەوەی تا ئێستا لە عێراق توانراوە هەوڵ و کۆشش و وزەی بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بە سەرقاڵکردنیان بە بوودجە و مووچەی مانگانەوە بەهەدەر بدەن و هەموو مانگێك شڵەژانێك و ناسەقامگیرییەکی دارایی لە ڕۆح و پێگەی ئیدارەی هەرێمی کورستان جێگیر بکەن؛ کە ئەمەیش زیانی زۆری هەبووە و دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەرێمی کوردستان بەخۆ بێتەوە و قبووڵی ئەوە نەکات ماف و دەستکەوت و ئیمتیازاتی هەرێم تەنیا و تەنیا لە مووچەی مانگانەی فەرمانبەران کورت بکرێتەوە و بابەتە ستراتیژی و گرنگەکانیش فەرامۆش بکرێن و لەبار ببرێن.